# پاڵاوگەیەکی کەرکوک بەدیاری بۆ تکریت رەوانە دەکرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد، ئەو پاڵاوگەیەی کە بڕیاروابوو لەسەر بودجەی حکومەتی بەغداد لە کەرکوک دابمەزرێندرێ، هەڵوەشاوەتەوەو بە دیاری بۆ پارێزگای تکریت رەوانە دەکرێ.

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک هەواڵەکەی سەر راست کردۆتەوەو رایگەیاندووە کە بە بڕیارێکی فەرمی وەزارەتی نەوت ئەوانی ئاگادارکراونەتەوەو دیاریکردووە کە کە ئەو پاڵاوگە مۆدێرنە لە کەرکوک دانادرێ و بۆ پارێزگای تکریت دەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک پێشتر رایگەیاندبوو کە گواستنەوەی دوو تاوەری کۆمپانیای باکوور بۆ پارێزگای بەسرە بە دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی مۆدێرن سەوداو مامەڵەی پێکراوە، بەڵام ئێستا کە هەردوو تاوەرەکە گوازراونەتەوە، وەزارەتی نەوتی حکومەتی بەغداد نەک هەر دەستی بە پارێزگای کەرکوک کردووە، بەڵکو راشکاوانە پێی راگەیاندوون کە ئەو پاڵاوگەیە لە پارێزگای تکریت دادەمەزرێندرێ.

بڕیارەکەی وەزارەتی نەوتی بەغداد کۆمەڵێک پرسیاری لای ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دروست کردووە، ئایا فێڵیان لێکراوەو دوو تاوەرەکەیان لەدەست دەرهێنراوە یان کڵاوێکی هاوشێوەی ١٤٠یان چۆتە سەرو دەستیان لەبنی هەنبانەکە گیربووە؟!

بەڵێندان بە دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی مۆدێرن لە پارێزگای کەرکوک و دوایش پەشیمان بوونەوەی ئەو راستیە دەردەخات کە حکومەتی بەغداد لە داهاتووی کەرکوک نیگەرانەو دەزانێ کە رۆژێ لە رۆژان بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەویش رۆژێک سەربەخۆی خۆی وەدەست دێنێ و لە عێراق جیا



دەبێتەوە، ئەگەر ئەو گریمانانە لە راستیەوە دوورن ئەی بۆچێ دەبێ وەزارەتی نەوتی عێراق دوو تاوەر لە پارێزگای کەرکوک بقاچێنێتەوەو بەڵێنی دامەزراندنی پاڵاوگەیەکیان پێبدات و دوایش لێی پەژیوان بێتەوە؟!

راستیەکەی لەوەتەی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە لکێنراوە، بەتایبەتیش لەدوای دۆزینەوەی پەترۆل لە پارێزگای کەرکوک دا، لەهەموو سەردەمێکدا ئەو پارێزگایە زوڵم و ستەمی جۆراوجۆری لێکراوە. لەسەرەتادا هەوڵی شێواندنی دیموگرافیای شارەکە درا، بەو مەبەستەشەوە شاڵاوی رەوانەکردنی هۆزە عەرەبیەکان بۆ پارێزگای کەرکوک دەستی پێکرد. دواتر داهات و سامانەکانی بۆ بەغداد گل درایەوە، پاشان کەرکوک لە خێرو داهاتەکانی خۆی بێبەش کرا، پارەی نەوتەکەی بۆ کڕینی چەک و تفاقی شەڕ بەفیڕۆدرا، سەرەنجام ئەو چەکانە لەسەر دانیشتووانی پارێزگای کەرکوک دا تاقیکرانەوە و شاڵاوی ئەنفالکردنی گەرمیانیەکانی پێ بەڕێوەچوو.

پارێزگای کەرکوک رووبەڕووی پەلامارو شاڵاوی دڕندانە بۆتەوە، هەم دانیشتوانە رەسەنەکەی لێ هەڵکەندراوە، هەمیش زۆرینەی قەزاو ناحیەکانی لێ دابڕێندراوەو بەسەر پارێزگاکانی دیکەدا تەخشان و پەخشان کراون، ئێستا لە دوای پرۆسەی بەناو ئازادی عێراق هێشتا زوڵم و ستەمەکانی سەر پارێزگای کەرکوک درێژەیان هەیە. بارودۆخەکەی ئاسایی ناکرێتەوە، رێگە لەخواستی دانیشتووانەکەی دەگیرێ و ناهێڵدرێ کە ئازادنە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵێک لە ئارادایە تاوەکو ئەو قەزاو ناحیانەی کە لە کەرکوک دابڕێندراون و وەپاڵ پارێزگای سلێمانی دراون، بکرێن بە پارێزگای گەرمیان، تەنانەت بەرپرسانی ئیداری ئەو ناوچە دابڕێندراوانە رێگری لە گێڕانەوەیان بۆ سەر کەرکوک دەکەن، ئەمەش نەک هەر ستەمێکی ئاشکرایەو لە کەرکوک و کەرکوکیەکان دەکرێ، بەڵکو پاڵپشتێکی دیکە بۆ ئەو هەڵمەتەی کە لە رابردوودا بە مەبەستی شۆردنەوەی پێناسەی کوردستانیبوونی کەرکوک ئەنجام دراون.

پەشیمان بوونەوەی وەزارەتی نەوت لە دامەزراندنی پاڵاوگەی کەرکوک خوێندنەوەی راستینی دەوێ. مرۆڤ بەو ئاکامە دەگات، وێڕای ئەوەی کە بەعس رووخێندراوە، بەڵام حکومەتی نوێی بەغداد ئامادە نیە کە سیاسەتی خۆی لەبەرانبەر پارێزگای کەرکوک بگۆڕێ، بەوهۆیەشەوە درێژە بە سیاسەتی خاپاندن دەدات، وەکو پێشوو داهاتی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک بۆ خۆی گل دەداتەوەو پێوانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە ناکات.

جاران ئەگەر تەنیا حکومەتی بەغداد دژایەتی لەگەڵ پارێزگای کەرکوک دا دەکرد، ئێستا لەچەند لایەکەوە دژایەتی دەکرێ. حکومەتی ئێستای بەغداد درێژەپێدەری ئەوەی پێشووە، ئەنکاراو بەرەی تورکمانیش هاتوونەتە نێو بازنەی دژایەتی کردنیەوە، هەروەها لایەنی کوردیش لەژێر پاساوی بەتەسک بوونەوەی سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەیان دژایەتی دەکەن و ئامادە نین قەزاو ناحیە لێ سەندراوەکانی بۆ بگێڕنەوە، ئەمەش رەوشی کەرکوک و ئاسۆی داهاتووی قورس و لێڵتر کردووە.

ئەگەر حکومەتی بەغداد درێژە بە سیاسەتی ماشینەوەی داهاتی کەرکوک بدات، ئەگەر ئەنکارا مرخی خۆی لە کەرکوک خۆشتر بکات، ئەگەر حکومەتی هەرێمیش ئامادە نەبێ ناوچە زەوتکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، دەبێ کەرکوکیەکان و هێزە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان خۆیان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە بکەن.

بەغداد بۆیە داهاتی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک گل دەداتەوە تا کەرکوکیەکان لە سامانی خۆیان بێ بەهرە بکات و رێگە لە ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی کەرکوک بگرێ. ئەنکارا بۆیە مرخی خۆی لە کەرکوک خۆش دەکات تاوەکو داهات و سامانەکەی لێ بدزێ و خاکەکەی داگیر بکات، حکومەتی هەرێمیش ئەگەر ئامادە نەبێ ناوچە لێسەندراوەکانی بۆ بگێڕێتەوە، بەشداری داهاتوویێکی نادیار بۆ شارەکە دەکات.

کەرکوک نەک هەر لەلایەن هەرسێ ناوەندی بەغدادو ئەنکاراو هەولێرەوە سەرسەختانە دژایەتی دەکرێ، بەڵکو پارێزگاکانی سەلاحەدین و سلێمانی و دیالەش قۆچانێی لەگەڵ دەکەن و دەیانەوێ لێی برێننەوە، رەوانە کردنی پاڵاوگەی مۆدێرنی کەرکوک بۆ تکریت سەرچاوەی لەو داڕنینەوە هاتووە کە یەخەی پارێزگاکانی دیکە یەخەی کەرکوکیان گرتووە.

بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو چاوتێبڕینە نارەوایانە دەبێ کەرکوکیەکان ریزەکانی نێوخۆیان پتەوبکەن، واز لە دووبەرەکی و ناکۆکی نەتەوەیی بهێنن، یەک دەست و یەک هەڵوێست بۆ پێشخستنی شارەکەیان تێبکۆشن، لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵی گێڕانەوەی ئەو شارۆچکانە بدەن کە بەعس لە کەرکوک دایبڕاندوون. دەبێ شێلگیرانە پێداگری لەسەر سامان و داهاتی پارێزگای خۆیان بکەن و حکومەتی بەغداد ناچار بکەن تا رێژەیەکی گونجاو بۆ پارێزگاکە تەرخان بکات.

جاران ئەگەر کەرکوک بە تەنیا لەنێو بەرنامەو سیاسەتی بەغداد دا پیلانەی بۆ دەکرا، ئەوا ئێستا لە پێتەختەکانی وڵاتانی دیکەش و لەنێو بارەگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا ناوی دەهێنرێ و بیر لە یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەرکوکیەکان لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو، یەکهەڵوێست و یەکرێز نەبن، دوور لە ویست و خواستی ئەوانەوە چارەنووسیان دەست نیشان دەکرێ، بەڵام ئەگەر پێکهاتەکانی نێو کەرکوک بەتایبەتیش ئەگەر کوردو تورکمان و ئاشوریەکان لەسەر گوتارێکی نیشتمانی یەکبگرنەوە ئیتر نە بەغداد دەتوانێ داهاتیان لێبدزێ، نە تکریت دەتوانێ پاڵاوگەی لی ببات، بە سلێمانی و پارێزگاکانی دیکەش دەکارن لاملی لە گێڕانەوەی شارۆچکە دابڕاوەکانی بکەن.

ئاکۆ مەجید

# لە هەولێر پەرلەمانتارانی عەرەب کۆتایی بە کۆنگرەکەیان دەهێنن

رۆژی ١١ی ئازاری ٢٠٠٨ لە هەولێری پێتەختی باشووری کوردستان کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب لەژێر چاودێری سەرۆک تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق و بەبەشداری رێزدار بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و دوو رۆژی خایاند.

جێگەی ئاماژەیە کە مێدیاکانی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆریان بەو کۆنگرەیە دا، تەنانەت پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیان لە شاری هەولێر بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سیاسەتی کوردستان و دۆزی رەوای نیشتمانی لێکدایەوە. زۆربەی بەرپرسانی کوردستانیش ئەو رۆژەیان بە رۆژێکی مێژوویی ناودێر کرد. واش چاوەڕوان دەکرا کە یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب بە فەرمی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنێن، لە پێوەند بەو میواندارییە گەرمەی کە لێیشیان کرا سوپاسی گەلی کوردستان بکەن، بەڵام راگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب لە دوورو نزیکەوە ئاماژەی بە کوردستان و کێشەی رەوای نەتەوەی کوردی داگیرکراوو دابەشکراو نەکرد، تەنانەت باسیان لەو دەستدرێژیەی سوپای تورکیاش نەکرد کە بیست رۆژ پێشتر سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقی پێشێل کردبوو، تەنیا بەپێی هەوڵدان و رێزگرتن لە ئەرکی دراوسێیەتی جەختیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشە سنووریەکانی عێراق کردۆتەوە. جا نازاندرێ کێشەکانی سنووری عێراق ئاماژەیە بۆ ناکۆکی سنووری نێوان کوێت و عێراق ؟! یان ئاماژەیە بەو دزیە نەوتیەی کە عەرەبستانی سعودی لەسەر سنوور لە عێراقی دەیکات، یان هێمایێکە بۆ یەکلایی کردنەوەی پەیماننامەی جەزائیری نێوان ئێران و عێراق؟!!

لەراگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەو لە دەستپێکی بڕیارەکاندا باس لە کێشەی فەلەستین کراوە و پشتیوانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین دووپات کردۆتەوە. هەروەها بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین، لوبنان و باشکردنی رەوشی هەردوو وڵاتی سودان، سۆمال کراوە، هەروەها پاڵپشتی لە دەوڵەتی عێراق و پێشخستنی پرۆسەی سیاسی پیشاندراوە.

لە کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب باس لە کێشەی مەغریب و پۆلیساریۆ کراوە، هەمووشیان جەختیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کردۆتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب ئیدانەی ئەو کردەوانەی کردووە کە تیایاندا سوکایەتی و بێ رێزی بە پێغەمبەری ئیسلام دەکەن.

کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر بەڕێوەچووەو جەختی لەسەر پتەوکردنی پێوەندیەکانی عەرەبی و ئەفریقی کردۆتەوە، بەڵام لە کاتێکدا کە تا ئێستا باشووری کوردستان وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراقدا ماوەتەوە، بەڵام باسی لە رەوایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کێشەی نەتەوەی کوردی موسڵمان نەکردۆتەوە!! تەنانەت لەژێر لێوانیشەوە باسیان لەو رەشەکوژی و تیرۆرە نەکردووە کە دەوڵەتی تورک دژ بە خەڵکی سڤیلی کوردستان بەڕێوەی دەبات.

سەربەست کانەبی

# تورکیا دەیەوێ تەلەفزیۆنی کوردی دابمەزرێنێ

رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی ئەمریکی راگەیاندووە کە ئەنکارا نیازی هەیە کەناڵێکی تەلەفزیۆن دابمەزرێنێ تا بەرنامەکانی خۆی بە زمانی کوردی بڵاوبکاتەوە.

ئەردۆگان گوتویەتی لە بەرنامەی حکومەتەکەیدایە کە تەلەفزیۆنێک بەزمانی کوردی بۆ کورد زمانان دابمەزرێنێ. ئەمەش تایبەت دەبێ بە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیای هەژارنشین!!

ئەردۆگان ئێستا دوای شکستی ئۆپەراسیۆنی سوپاکەی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان باس لە دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کوردی دەکات، دەنا هەر چەند مانگ لەمەوبەر بوو کە زۆر سەرسەختانە دژایەتی خۆی بۆ کردنەوەی فێرگەی کوردی دەربڕی بوو، بە چاوگەی ئاژاوەو دووبەرەکی دانابوو، پێیوابوو کە وتنەوە بە زمانی نەتەوەکانی دیکە لە تورکیا هەڕەشە لەیەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی دەکات و بە هەموو شێوەیەک لە دژیدا رادەوەستێ.

ماوەیەک لەمەوبەریش ئەردۆگان لە دیدارێکی دا لەگەڵ ژمارەیەک کوردی عەلەوی ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەوانەی لە تورکیادا دەژین هەموویان لە ئەرک و مافدا یەکسانن و هەمووشیان تورکن و پێویست بەوەش ناکات کە زمانی دیکە لە وڵاتەکەی گەشەیان پێبدرێ، تەنانەت داوای لە عەلەویەکان کردبوو کە خۆیان لەو کەسانە دوور بخەنەوە کە جیاکاری و هاوێرکاری لەنێوان وڵاتیانی تورکیادا دەکەن.

ئەردۆگان کە ئێستا سەبارەت بە چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد لەوڵاتەکەی دووچاری گوشاری ناوەکی و دەرەکی بۆتەوە، لەمەیدانی جەنگیشدا سوپاکەی بە شکاوی گەڕاوەتەوە، ئیدی دەیەوێ بە دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و هێناگۆڕێی چاکسازی ئابوری لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا کێشەی کورد لە بنبڕ بکات!!

ئەردۆگان و سەردانی دیکەی تورکیا باش دەزانن کە ئەو شوێنەی ئەوان پێی دەڵێن باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، نیشتمانی کوردەو باکووری کوردستانەو لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە، دانیشتووانی ئەو ناوچانەش داوای ماف و ئازادیەکانی خۆیان دەکەن، زۆربەشیان لاگیری لە پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و پارتیە کوردستانیەکانی دیکە دەکەن، کێشەی ئەوان نە بە چاکسازی ئابوری و نە بە دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆن چارەسەر دەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەو پێشکەوتنانەی کە کێشەی نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەدەستی هێناوە، بەتایبەتیش دامەزراندنی حکومەتی باشووری کوردستان و بەرچاوبوونی کێشەی کورد لە ناوەندەکانی رای گشتی گەل و وڵاتانی جیهاندا کە تارادەیەکی زۆر لە بە جیهانی بوون نزیکی کردۆتەوە، بەتەواوی ئەردۆگان و سەرانی دیکەی تورکیای هەراسان و نیگەران کردووە.

ئەردۆگان و ژەنەڕاڵەکانی تورکیا بەڵێنیان بە گەلی تورک دابوو کە بە شەڕ پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو دەبەن و کێشەی کورد یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام لە مەیدانی شەڕدا نەک هەر سەرنەکەوتن و نەیانتوانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو ببەن، بەڵکو دووچاری شکست هاتن، بەوهۆیەشەوە هەم کێشەی کورد بۆ سەر شانۆی جیهانی گەڕایەوە، هەمیش ئەو دەنگانە بەهێزتر بوون کە داوا دەکەن کێشەی کورد لە تورکیا بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ. تەنانەت هەندێک لە بەرپرسە واقیعبینەکانی ئێستای عێراق راشکاوانە داوایان لە تورکیا کردووە کە بیر لە ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان نەکاتەوە، باشتروایە چاو لە عێراق بکات و کێشەی کورد بە شێوازەی عێراق چارەسەر بکات، هەبوونی کورد بسەلمێنێ و حکومەتێکی خۆجێیان بۆ دابمەزرێنێ.

ئێستا گۆڵەکە لە دەروازەی تورک نزیک بۆتەوە، بە دامەزراندنی وێستگەی تەلەفزیۆنی کوردی لێی دوور ناکەوێتەوە، یا دەبێ دان بە کێشەی کورد بنێ و رێگە چارەی ژیرانەی بۆ بدۆزێتەوە، یان چاوەڕوانی دۆڕانی یەکجارەکی بکات.

سیروان شوانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com